Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# خەیام

## لە نێوان شعر و فەلسەفەدا،

## کفر و ئیماندا و چێژ و بێهودەییدا



هۆشەنگ شێخ محەمەد

2009/2/3

جگە لە خەیام زۆرانی تریش لە شاعیران و سۆفی و فەیلەسوفان بە تایبەتی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ، بە کفر و زەندەقە و لە رێ لادەر و خراپکردنی رەوشتی گەنجان و خەڵکییەوە تاوانبارکراون، خەیام یەکەم شاعیر و دوا شاعیریش نیە، حەلاج و سوهرەوەردی دووئموونەی دیکەی هەرە دیاری ئەو سۆفی و شاعیرانەن کە بوونەتە قوربانی بیر و نووسین و شعر و فەلسەفە ئازادەکانییان.

خەیام کە ناوی غەیاسەدین ئەبو ئەلفتوح عومەر ئیبراهیم خەیامە. بە عومەری خەیام ناسراوە، هەندێ لەسەرچاوەکان تەنیا بە لەدایکبووی ناوەڕاستی سەدەی پێنچەمی کۆچییەوە دیارییان کردوە (1)، بەڵام سەرچاوەی تر بە (1040 تا 1131 زاینییان دەستنیشانکردوە.(2) لە نیساپور لە دایکبووە. جگە لە شعر و تایبەتمەندیش بووە لە ماتماتیك و ئەستێرە ناسی و فوقە و مێژوو زماندا، باوکی بە خەیام ناسراوە چونکە خێمە دروو بووە.

زۆربەی ژیانی لە نیساپور و سەمەرقەند بەسەربردووە و زۆر هاتووچۆی بوخارا و بەلەخ و ئەسفەهانی کردووە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

خەیام کە لەلای ئێمەدا زیاتر وەك شاعیرێك بە چوارینەكانییەوە ناسراوە.هەروەها رەنگە لای فارس و عارەبەكانیش دیسانەوە رەنگە دوو رای جیاوازی لەسەر هەبێت، یەكەمیان بە شاعیرێكی زەندیق و خوانەناس و وەرگەڕاوە لە دین. و دووەمیشیان بە پێچەوانەوە بە پیاوێكی دیندار و سۆفییەكی خواپەرستی بناسن.



بۆنموونە (ئەحمەد حامد سەراف) كە پەرتووكێكی بەناوی عومەر خەیام بە عارەبی نووسیوە،سەبارەت بە ژیان و سەردەمی سیاسی و زانستی و زاناكانی سەردەمی خەیام و ئەدەب و فەلسەفە و سەرچاوەكانی و چوارینەكانی و نامەكانی. و وەك هەژار موكریانی دەڵێ ئەم زاتە كوردە و فارسی زمانە و عارەبی نووسە. ئەو سەبارەت بە ناسینی خۆی بۆ خەیام چیرۆكێكی خۆش دەگێڕێتەوە: "یەكەمجار لە دادۆكەكەم (ژن ئاغا) گوێم لە ناوی خەیام بوو.لە شەوێكی زستانی ساڵی 1918دا. راهاتبووین كە لە ژوورەكەیدا شەوچەرە بكەین و قاوە و چایە بخۆینەوە. خەیامی بە شاعیرێك وەسف كرد كە گوێ بە هیچ قسەیەك و بڕیارێك نادات و بەرەڵایە، تیزكەر و مەیخۆر و لە رێ لادەرە. خەڵكی نیساپور بووە و ئەستێرەناس و شاعیرێكی قەڵەندەر و بووە بەڵام بەدبەختەی مەیخۆربووە، ئینجا دوای ئەو قسانە ئەو ئەفسانەیەی گێڕایەوە: رۆژێكیان عومەر خەیام سەركەوتە لووتكەی چیایەكی نیساپور، گۆزە مەیەكیشی لەگەڵ خۆی برد لەكاتێكدا كە پیاڵەی دادەگرت بایەكی توند هات و گۆزە و پیاڵەكەی شكاند، مەیەكەی رژایە سەر ئەردی و خەیام ئازاری پێگەیشت و تووڕە بوو و ئەم چوارینەیەی ئاراستەی خوا كرد:



ابریق می مرا شكستی ربی
برمن در عیش را ببستی ربی
برخاك فكندی می كلكون مرا
خاكم بدهن مكر تو مستی ربی

شووشەی مەیەكەت بۆچی رژاندم خوایە ؟
وەك شوشە، نەشەو دڵت شكاندم خوایە؟
میخۆرە منم كەچی یەكێ تر دەگرێ
بمبورە لە پەردە گەیاندم خوایە (3)

ئینجا حامد ئەحمەد سەراف درێژە بە گێڕانەوەكەی دەداو دەڵێ: دوای وتنی ئەو چوارینەیە رووی خەیام یەكسەر وەك رەژوو رەش بوو، كچەكەی پێی گووت بابە رووت رەش بووە.وەك رەژووی لێهاتووە. ئاوێنەیەكی دایێ كە تەماشای خۆی كرد وەك رەژوو رەش بووە بە كوڵ گریا. پەشیمان بۆوە كە خوای تورە كردووە و وا سزای دا. بۆیە لە خوا پاڕایەوە لەو زماندرێژییەی و ئەم چوارینەیەی دانا:

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete



ناكرده كنه در جهان كيست بكو
وانكس كه كنەنكرده جون زيست بكو
من بدكنم و توبد مكافات دهى
بس فرق ميان من و تو جيست بكو

دنیایه لە کەودە، بێگوناهێکی نیە
کەس بێ هەڵە نەژیاوە لەسەر ئەم زەوی یە
من کردە خراپ و تۆش خراپەم توش کەی
جیاوازی لە نێوان منو تۆ ، خوایە چی یە؟

دوای ئەوەی خەیام ئەم چوارینەیە تەواو دەکات رووی وەکخۆی لێدێتەوە!

لەو گێڕانەوەیەی سەرەوەدا دەتوانین لەوە بگەین کە خەیام بەلایەنی کەم لەو سەردەمدا، لە لایەن کۆمەڵگەوە بە کەسێکی بەڕەڵا و مەیخۆر و لە رێ لادەر و زەندیق و شاعیرێکی قەلەندەر ناسراوە، دیارە کە ئەم تێگەیشتنە لەسەر ئاستی خەڵکی گشتی باوبوویێت و ئەفسانە و چیرۆك و حەکایەتی زۆر لە دەوری خەیام و ژیان و مەیخواردنەوە و تورەبوونی لە خوا و چوارینەکانی هەبووبن، بەتایبەتیش ئەگەر بزانین کە خەیام چوارینەکانی خۆی نەنووسیونەتەوە و لەسەردەمی ژیانی ئەویشدا نەنووسراونەتەوە، بەڵکو لەبەرکراون و لەسەر زاران وتران و وتراونەتەوە و گوازراونەتەوە بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە خەیام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بە بەڕەڵا و زەندیق ناوی دەرکردووە، شعرەکانی دژی شەریعەتی ئیسلام بوونە و گازی و هاوارێکی ئاشکرای تێدایە بۆ سەرخۆشی و خواردنەوە و چێژوەرگرتن و فەنابوونی دونیا و نەبوونی دونیای دیکە و رۆژی کۆتایی و کۆمەڵێك تێگەیشتنی ئیسلامی.
من پێموایە رەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی وایکردبێت کە خەیامیش بەدەردی حەلاج و سوهرەوەردی نەچێت ئەوە لە سایەی دەسەڵاتی ئەو کاتدا پارێزراو بووە بەتایبەتیش لە لایەن دۆست و هاوڕییەکی زۆر نزیکی کە ( نیزامول مولکە) کە لە منداڵییەوە ئەو و خەیام لەگەڵ (حەسەن سەباح) هاوڕێی نزیکی یەکدی بوون و پێکەوە دەیانخوێند و بەڵێنییان بەیەکدی دابوو کە هەر کامەیان بەخت یاوەری بێت هاوکاری ئەوانیدیکە بکات، کە نیزامول مولك دەبێتە وەزیر لە لایەن سوڵتان ئەلب ئەرسەلان و دواتریش مەلیك شاە. بۆیە مووچەیەکی سالانەی بۆ دەبڕنەوە و بە خۆشی دەژیەت و کێشەی ژیان و پارەی نابێت و هەمووکاتی لە بیرکردنەوە و خوێندنەوە رووچوونە نێو نهێنییەکانی ژیان بەسەر دەبات.(4)
هەروەها لە سەردەمی خەیامدا دیارە بارە سیاسییەکە لەباربووە بۆ ئەو بۆ ئەوەی بتوانێت چوارینەکانی خۆی دەربڕێت و ترسی کوشتن و لەناوچوونی نەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر بزانین لەو سەردەمدا جۆرەها بزافی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوون کە بە ئاشکرا باوەڕیان بە ئیلحاد و بێباوەڕی بە خوا و بە پێغەمبەر و بە ئیسلام و بە دوارۆژ و چێژ وەرگرتن لەم دنیایە و یان بەوەی ئەم دنیایە بەهەشتی مرۆڤە و بەهەشتی دیکە نیە.بەتایبەتیش (باتنییەکان)

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

هەر چۆنێك بێت، تا ئەورۆكەش گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەكرێ كە ئایا خەیام بەدین بوو یان بێدین؟
ئەم پرسیارەش تەنیا لە دنیای عارەب و فارسەكان نەكراوە بەڵكو لە لایەن ئەورووپییەكانیشەوە كراوە چونكە چوارینەكانی خەیام وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەكانی ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی و ئەسپانی و زمانانی تر و تەنانەت ژیانیشی كراوەتە فلیم و بەدەیان و سەدان وێنەی شێوەكاریش لەسەر شعرەكانی دروستكراون.



ئێدوارد فیتزجیرالد(1809–1883) لە ساڵی 1859 چوارینەكانی خەیامی وەرگێرانە سەر ئینگلیزی و دوای ساڵێك لەو وەرگێرانە خەیام لە رۆشنبیری ئینگلیزی و ئەورووپیدا ناسرا و كاریگەریشی زۆربوو بۆ ناساندنی ئەدەبی فارسی و رۆژهەڵاتی بەگشتی لە ئەورووپاوە (5).
هەروەها شاعری ئەسپانی لۆركا خەیامی ناسیوە و لەسەری نووسیوە و لەیەكێك لە قەسیدە سەرەتاییەكانی خۆشیدا ناوی خەیامی هێناوە.(6)
هەروەها لە ساڵی 1941 دا هۆلیود فلیمێكی درێژی بە ناوی (عومەر خەیام) پێشكەش كردووە لە دەرهێنانی ئەلبرت لویس.
جگە لەمەش هارۆلد لام (چیرۆكی ژیانی خەیام) لە پەرتوكێكدا تۆماركردووە و بەسەرچاوەیەكی گرنگی گشتگیر دادەنرێت سەبارەت بە خەیام و كارە زانستییەكانی و چوارینەكانی.(7)
هەروەها هونەرمەندێكی جیهانی و لە دایكبوو لە ئێران و بەرەسەن ئەرمەنی (سەركیس خاچادۆریان) كە نیگار كێش و لێكۆڵەرەوەیەكی شوێنەوارناسی بووە و كۆلیژی هونەرە جوانەكانی لە رۆما خوێندووە و ئامۆژگەی هونەری دیكۆری لەفەرەنسا خویچندووە و سەفەری ئێران و هیندستانی كردووە لێكۆڵینەوەی لە وێنە مێژوویيەكانی هند كردووە. زۆر لە شعرەكانی خەیامی كردوونەتە تابلۆی هونەری (8)
هەروەها جان ئیف لاكروای فەرەنسی پەرتووكێكی بەناوی (مسواك) سەبارەت بە خەیام نووسیوە و هەمان پرسیار دەكاتەوە كە ئایا خەیام باوەردار بووە یان ئاتاییست؟(9)
هەروەها لە ئەدەبیاتی كوردیشدا مامۆستا هەژاری موكریانی كە چوارینەكانی خەیامی وەرگێراونەتە سەر كوردی دەڵێ: (ئەو زانا خوا پەرست و خۆپارێزە هەرگیز كەپوی لە شتێكی وا نزیك نەكردۆتەوە كە بۆنی كفر و نارەوایی لێ هاتبێ)(10)
دیارە ئەمەش خوێندنەوەیەكی مامۆستا هەژارە بۆ خەیام و هۆكار و ئەگەری خۆیشی هەیە بۆ ئەو باوەرە.
وەكچۆن ئەشكرێ خوێندنەوەی دیكەی جیاواز و دژی بۆ چوارینەكانی خەیام بكرێن.
عەبدولرەحمان بەدەوی سەبارەت بە خەیام لایەنێكی چوارینەكانی وەرگرتووە كە ئەویش (رەشبینییە) كە لە پەرتووكەكەیدا (شۆپنهاوەر) باسی رەشبینی لە لای ئەبوعەلای مەعەری و خەیام دەكا و وەكچۆن دیسان حامد ئەحمەد سەرافیش لە پەرتووكەكەیدا دیسان باسی ئەو خاڵە دەكات . بەدەوی رەشبینی لە لای ئەبوعەلای مەعەری و خەیام و بیرن بەراورد دەكات و راڤەیان دەكات، عەبدولرەحمان بەدەوی بەو جۆرە رەشبینییە دەڵێت رەشبینی شیعریی.(11) سەبارەت بێئومێدی مەعەری و خەیام دەڵێ هەردووكیان هێمنن، لە هێمنی خەیامدا نەرم و نیانی هەیە، لە هێمنی مەعەریشدا توندی و تاڵاتی، یەكەمیان هێمنی سروویە،

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF
Complete
Documents

دووەمیشیان وەك هێمنی شەختە وایە. ڕەنگە سەرچاوەی هێمنیش لای هەردووکیان باوەڕبوونیان بێت بە جەبری ڕەها. ئەمە و بەدەوی چەند خاڵێکی سەرەکی دەستنیشان دەکات بۆ ڕەشبینی و بێئومێدی و یاخیبوونی مەعەڕی و خەیام و بیرن کە بەکورتی ئەمانەن:

یەکەمیان: سەروەری شەڕ بەسەر خێردا و ئازار بەسەر چێژدا.

دووەمیان: شەڕ لە بنەچەی هەبووندایە و ڕێگەیەکیش نیە بۆ ئەوەی لێی دەربازبین.

سێیەمیان : ئازادنەبوون بەوەی هەموو شتێك موسەیەرە و دەرفەتی ئیختیار کردن نیە.

چوارەم: دابەشبوونی خراپی بەختەکان، چارەنووسی خەڵکیش لەدەست ڕێککەوت و پێکهاتەکانە. ئینجا هەقیقەتی مردن کە هەموو کەسەکان بەیەکەوە یەکسان دەکات.

پێنجەم: زەمەن هەموو شتێك لەناو دەبات، و هەقیقی نیە، تەنیا ساتی ئێستا نەبێت.(12)

هەروەها ئەحمەد سەرافیش سەبارەت بە ڕەشبینی مەعەڕی و خەیام دەڵێت : ( لە شعرەکانیاندا دیارە کە هەردووکیان ڕەشبین و ئازارکێشن. هەوەستیان بە ژیان نایەت بەو شەڕ و پیسیانەی کە تێدایە ، پێیان وایە هەموو شتێکی ژیان محنەت و بەلایە. هەبوون محنەتە و مردن محنەتە.، خەڵکیش شەڕۆکن و غەدار و ڕەوشت پیس و گەندەڵن. هەموو شتێك لە هەبووندا پیس و خراپە.خراپەکانی لە باشییەکانی زیاترن و ئازار و ئەشکەنجە و هیچی ژیان لە خۆشی و چێژەکانی زیاترە.) (13)

لێرەدا ئەوە دەبینینەوە وەك چۆن لە زۆر چوارینەکانی خەیامیشدا ئەوە دەبینینەوە کە بێهودەیی و ئێش و ئازارەکانی دنیا و پووچی هەبوون و ژیان ڕوحی خەیامیان پۆشیوە و بە ئاشکراش لە چوارینەکانیدا دەریان دەبڕێت.



هەر لەمبارەیەوە دەبینین خەیام سەبارەت بە زەبر و جەبری هەبوون ئەوەمان نیشان دەدات کە هەبوونی ئەو بە ویستی خۆی نیە و ژیانیشی و مردنیشی لەدەست خۆی نیە و ئەگەر بەدەست خۆی بوایە ئەوە نەئەهاتە بوون، دواتریش گومان لە زیندووبوونەوە و بەهەشت و دنیایەکی دیکەی ئاسوودەتر و خۆشتر و بەختەوەرتر دەکات. هەروەها زیاتریش لەمە گومانی گەورەی خەیام لە (ئەقڵەوە) ئەوە نیشان ئەدات کە ڕەشبینی و بێئومێدییەکەی بەرامبەر بە هەبوون سنووری شعر دەبەزێنێت و دەبێتە فەلسەفە و ڕوانینێکی هزریانە بەوەی ئەقڵ ناتوانێت نهێنییەکانی هەبوون ئاشکرا بکات و وەك مامۆستا هەژاریش لە پێشەکییەکەی خۆیدا ئاماژەی پێداوە کە لێرەدا خەیام لە سوکراتەوە نزیك دەبێتەوە بەوەی ئەقڵ ناتوانێت بزانێت. لە سەرێکی دیکەشەوە ئەو هەموو ستایشەی خەیام بۆ مەی و شەڕاب و خواردنەوە و سەرخۆشی تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕوحی دیۆنیسیۆس (خواوەندی شەڕاب لە یۆنانی کۆندا) و باخوسییەکانی نزیك

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

دەکاتەوە، ئەگەر مردن لە لای مەعەری دەرمانێك بێت بۆ دەربازبوون لە ئازارەکانی ژیان و هەبوون ئەوە مەی و خواردنەوە و سەرخۆشی لە لای خەیامدا دەرمانن بۆ دەربازبوون لە هیچی و پووچی ژیان و هەبوون. بەکورتی روحی خەیام لە چوارینەکانیدا لە نێوان کفر و ئیمان و فەلسەفە و شعر و بێئومێدی و چێژدا دەگەڕێ. گەڕانێك کە ئەوەمان نیشاندەدات روحێك هەمیشە لە سۆراغی چێژدایە لە ئازاردا، ئەویش وەك نیچە نەهامەتییەکانی ژیان و هەبوونی ناسیوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان پێمان دەڵێت : (بەدبەختی خۆم دەناسم و بە باوەشی کراوەوە بەرەو پیری دەچم )(14)

سەرچاوەکان:


1. احمد حامد الصراف، عمر الخيام الحكيم الرياضي الفلكي النيسابوری. الطبعة الثالثة، مطبعة المعارف بغداد/ 1961
2. عمر الخيام ويكبيديا الموسوعه الحره.
3. چوارینەکانی خەیام وەرگێڕاوی هەژار، سروش تهران 1370
4. احمد حامد الصراف، عمر الخيام الحكيم الرياضي الفلكي النيسابوری ص 25الطبعة الثالثة، مطبعة المعارف بغداد / 1961
5. مارتن نك عمر الخيام رباعيات شعرية ومعادلات رياضية
6. egyhat.comقسم الشعر والخواطر - قصة حياة كاتب الموضوع 2005 2006/9/28galelw
7. هەمان سەرچاوە
8. هەمان سەرچاوە
9. تغريد السميري ، عمر الخيام ...متصوف جاء كالماء ومضى كالريح .جريدة الجريدة العدد 469 2008/11/24بيروت
10. چوارینەکانی خەیام وەرگێڕاوی هەژار، لاپەرە 14سروش تهران 1370
11. عبدالرحمن بدوي، شۆبنهور ص 269 وكالة المطبوعات الكويت و دار القلم بيروت
12. عبدالرحمن بدوي، شۆبنهور ص 257-270 وكالة المطبوعات الكويت و دار القلم بيروت
13. احمد حامد الصراف، عمر الخيام الحكيم الرياضي الفلكي النيسابوری ص 158الطبعة الثالثة، مطبعة المعارف بغداد / 1961
14. ئیرڤین دی یالوم، کاتێ نیچە گریا. وەرگێڕانی دڵشاد هیوا..لاپەرە 272